# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/٨
پەسەندكردن ٢٠٢٥/١٢/٨

# ڕۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سەروتارەکانی "رۆژی کوردستان" (١٥ تشرینی یەکەم ١٩٢٢-٣ مارتی ١٩٢٣)

د. مەجید ساڵح عەزیز
m.salihaziz@gmail.com

پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە باس لە رۆڵی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەگەریی کوردی و گەشەپێدانی بیری نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەکات. تیشک دەخاتە سەر ناوەڕۆکی ئەو سەروتارانەی کە لە ڕۆژنامەی "رۆژی کوردستان" دا نووسیونی، توێژینەوەکە دەریدەخات کە شێخ نووری ڕۆژنامەگەریی وەک پلاتفۆرمێک بەکارهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی. توێژینەوەکە لەسێ تەوەرەدا هزری شێخ نووری شیکردۆتەوە: نەتەوەیی ڕۆمانسی، داروینیزمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت و خەڵک. لە تەوەری یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر گرنگدانی شێخ نووری بە زمان، مێژوو و میراتی هاوبەش لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی. لە تەوەری دووەمدا ئەوە خراوەتەڕوو کە چۆن ئەو لەرێگەی تیۆری داروینیزمی کۆمەڵایەتیەوە خەباتی بۆ مانەوەی کورد کردووە لەسەر گۆڕەپانی ململانێکاندا، لە تەوەری سێیەمدا شێخ نووری باس لە پەیوەندی نێوان حکومەت و گەل دەکات. توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو سەروتارانەی شێخ نووری نووسیونی وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگ تەماشا بکرێن کە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کورد لەو ماوەیەدا و دیدگای پێشکەوتنخوازانەی ئەو بۆ داهاتووی نەتەوەی کورد دەردەخات.

کلیلەوشە: بیری نەتەوەیی، رۆژی کوردستان، نەتەوەسازی، داروینزمی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی.

## پێشەکی

بەشێکی زۆر لە توێژەران و پسپۆرانی بواری مێژوو و بیری نەتەوەیی کوردی، کاتێک لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای بەڵگە لەسەر سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردی دەگەڕێن، بە زۆری پشت بە دیوانی شیعری شاعیرەکانی کورد دەبەستن. کەچی ئەو وتارە سیاسیانەی کە سیاسەتمەدار و شاعیر و نووسەرانی سیاسیی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیاندا نووسیویانە، پشتگوێ دەخەن. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە لای نەوشیروان مستەفا پێچەوانە دەبێتەوە، زۆرجار لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیدا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی بەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بەستووە کە هاوکات بوون لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

لە پێشەکی کتێبی "سەردەمی قەڵەم و موراجەعات"دا سەبارەت بە گرنگی ئەو بابەت و هەواڵانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە، نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی: "ڕۆژنامە کوردییەکانی ساڵی ١٩٢٠–١٩٣١ کە لە سلێمانی دەرچوون، سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخن بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ئینگلیز لە عێراق و کوردستان. هەواڵ، سەروتار، وتار، لێدوان تەنانەت هەندێ شیعریان تێدایە کە سەرچاوەی بەنرخن بۆ زانینی دەنگوباس و بیروڕای گشتی ئەوکاتە." (ئەمین، ٢٠١٣: ١٧)

لەنێو ئەو قەڵەمە بەرچاوانەدا کە شوێنەوارێکی ئاشکرایان لەم بوارەدا لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بەجێهێشتووە، ناوی شێخ نووری شێخ ساڵح وەک یەکێک لە ستوونەکانی بیری نەتەوەیی کوردی و دەنگێکی نیشتیمانی ئاشکرا لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی پەراوێز خستن و نکوڵی کردن دەرکەوێت. شێخ نووری لە سەروتارەکانی کە لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا – لە قۆناغێکی هەستیار لە مێژووی کوردایەتیدا نووسینونی – هەوڵی بڵاوکردنەوەی نیشتمانپەروەری، یەکرێزی کورد، پاراستنی زمان و مێژوو، و داواکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەیی کورد دەدات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بیری نەتەوەیی لای شێخ نووری لە ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆک بۆ ئەو سەروتارانەی کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا نووسیونی دەربخات و پەیوەندی ئەوان بە کۆتەکستی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئەوەی تێیدا نووسراون بخاتەڕوو.

بەکورتی پێشتر هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە. تەنیا لە دیوانەکەی شێخ نووری شێخ ساڵحدا کە ئازاد عەبدولواحید ئامادەی کردووە، هەندێک لێکدانەوەی سەرەتایی بۆ شیعرە سیاسییەکانی کراوە، بەڵام بەبێ بەکارهێنان و ئاماژەدان بە مێتودی لێکۆڵینەوەی زانستی. لەگەڵ گرنگیی ڕۆڵی بەرچاوی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ڕۆژنامەوانی کوردییە سەرەتاییەکاندا، بەڵام ئەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی کە بیرکردنەوەی نەتەوەیی و شێوازی ڕۆژنامەوانی ئەویان تاوتوێ کردووە هێشتا زۆر سنووردارە، و تا ئێستا توێژینەوەیەکی شیکاری تەواو نەکراوە، کە ڕاستەوخۆ پشت بە ئەرشیڤی وتارەکانی ئەو لە "ڕۆژی کوردستان"دا ببەستێت.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەبێ وەڵام بدرێنەوە بریتین لە: ئاستی بیرکردنەوەی نەتەوەیی کوردی چین لە نووسراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا؟ چۆنێتی دەربڕی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێڕەوی قۆناغی ١٩٢٢-١٩٢٣دا؟ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چین کە لە وتارەکانیدا تیشک خراوەتە سەریان؟ چۆن وتارەکانی کارلێکیان

کردوە لەگەڵ ڕووداوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی دەوروبـەری کێشەی کوردایەتی لـەو مـاوەیـەدا؟ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەش ئەمانەن: دۆکیمێنت کردنی وتـارەکـانی شێخ نـووری لـە ڕۆژنـامـەی "ڕۆژی کوردسـتان"دا لە مـاوەی ١٩٢٢-١٩٢٣دا. شیکردنی ناوەڕۆکی ئەم وتارانە بۆ ئاشکراکردنی بنەماکانی بیری نەتەوەیی کوردی لەو سەردەمەدا. خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان نووسراوەکانی و ڕێڕەوی مێژوویی و سیاسی ئەو قۆناغە. بەشداری کردن لە پڕکردنەوەی بۆشایی توێژینەوە لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی سەرەتایی. لە ڕووی گرنگیی زانستییەوە بایەخدان بە دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە مێژوویی و ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بە ڕۆژنامەوانی کـوردی و بـیرکـردنـەوەی نـەتـەوەیی. لـە ڕووی کردەکییەوە: گرنگی بابەتەکە لە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شێوەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی و ڕاستاندن ئامادەیی ناسنامەی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەردەکەوێ ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی ڕێبازی تیۆری مێژوویی و شیکاری گوتارەوە نووسراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی شیکاری جۆری لە ناوەڕۆک.

سـەرچـاوەکـانی زانـیـاری ئـەم تـوێـژینـەوەیـە بریتین لە : ژمارە ڕەسەنەکانی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" (١٩٢٢-١٩٢٣). کتێب و یادداشتەکان کە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردییان تاوتوێ کردووە. توێژینەوە مێژووییەکان سەبارەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

## یـەکـەم: ژیـانی شێخ نـووری شێخ سـاڵح و بایۆگرافیای تێکۆشانی.

شێخ نـووری، 'مـحـەمـەد نـووری' کـوڕی شێخ ساڵح کوڕی شێخ غەنی کوڕی سەید عەبدولقادر کوڕی سەید حەسەن، کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسحاق کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورە، ساڵی ١٨٩٦ لە گەڕەکی دەرگەزێن لە سلێمانی لە دایک بووە. لە منداڵی لە حوجرە لای خواجە ئەفەندی و مەلا سەعیدی زەڵزەڵەیی و شێخ بابا عەلی شێخ عەبدوڵڵا، نەحو و صەرف و بەلاغەی خوێندوە و تا قۆناغی موستەعیدی بڕیوە. پاشان قووتابخانەی سەرەتایی تـەواو کـردووە و چووەتە ڕوشدیەی عەسکەری سلێمانی و دواتر وازی لێهێناوە. (عەبدولواحید، ٢٠٠٨:٨٠-٨١).

شێخ غەنی باپیری بە کاروباری بازرگانییەوە خەریکبووە، ماڵاتی هەبووە و خەریکی سەلەم و تووتن کڕین و فرۆشتن بووە. ژنی بۆ هەرسێ کوڕەکەی هێناوە و هەریەکێکیانی لە خانووێکی سەربەخۆدا نیشتەجێ کردووە. شێخ ساڵحی باوکی شێخ نووری، بە پیشەی بازرگانییەوە خەریک بووە. یەکەم جار لە وڵاتی ئێرانەوە کەلوپەلی دەهێنا و لە سلێمانیەوە کەلوپەلی دەبردەوە ئەوێ. لە ساڵی ١٩١٢ وازی لە هاتوچۆی دەرەوەی عێراق هێناوە.. شێخ نووری لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەکەوێتە بەر زەحمەتی پەیداکردنی نان، بەڵام لەم کارەیدا زۆر سەرکەوتوونەبووە و وازی لێهێناوە. (عەبدولواحید، هەمان:٨٢)

شێخ نـووری زمانەکانی تورکی و عـەرەبی و فارسی بە باشی زانیوە پێی نووسیون و ماوەیەکیش بەرپرسی بەشی فارسی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بووە. خاوەنی کەسایەتییەکی پاک و ڕەوشت بەرزو ڕاستگۆ و کوردپەروەربووە و بەهرەی گەورەی لە شیعر و وتاری سیاسی و وەرگێران و نووسینی ئۆپەرێت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەبووە.

شـێـخ نـــووری چـالاکـوانـێـکـی ڕۆشـنـبـیـری و

ڕۆژنامەوانی دیار بووە، ڕۆژنامەوانیی و شیعر و ئەدەبی وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیروڕا نەتەوەییەکانی و پشتگیری دۆزی کورد بەکارهێناوە.

دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)، لە سلێمانی یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی بووە، جگە شیعر، چەندین بابەتی جۆراوجۆری تێدا نووسیوە. هەروەها یەکێک بووە لە نووسەرە پێشەنگەکان بابەتی ئابووری نووسیوە و جەختی لەسەر گرنگی پەرەپێدانی ئابووری ناوخۆیی بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی کوردستان کردووەتەوە. ساڵی ١٩٢٢ بەرپرسی بەشی فارسی بووە لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە لەلایەن جەمعییەتی کوردستانەوە دەرچووە و مستەفا پاشا یامولکی سەرنووسەری بووە، لەو ڕۆژنامەیەدا چەندین وتاری بە زمانی فارسی نووسیوە.

شێخ نووری لە سەردەمی گۆڕانکارییە گەورەکانی کوردستاندا ژیاوە، هەر بۆیە لە زۆربەی قۆناغەکاندا چی بە وتار و چی بەکردار بەشداری تێدا کردوە و لە دژی ڕژێمە سەرکوتکارەکان تێکۆشاوە. لە رووی شێوە و باوەڕۆکەوە ڕەوتە ئەدەبیە جیهانییەکانی وەک ڕەمزی و واقیعی کاریگەری هەبووە لەسەری. بەداخەوە پێش تەواوکردنی پرۆژەکانی لە١٢٠ \١٢ \١٩٥٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

## بەشی دووەم: سەرچاوەکانی هۆشیاری نەتەوەیی لای شێخ نووری شێخ ساڵح

شێخ نووری شێخ ساڵح، بەڕێکەوت نەهاتووەتە ناو جیهانی ئەدەب وخوێندنەوە، خۆی دەڵێ سەرەتاکانی ئاشنابوونی بە شیعر و ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و بەردەوام چاودێری کردووە: "لە منداڵیمەوە فکرم ئیشتغاڵی لەگەڵ ئەدەبیاتابووە، بە تەتەبوعات شارەزایم هەیە..." (م.نوری، ١٩٢٦، ژ ٢٠، ١:) لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەهۆی بازرگانیکردنەوە سەردانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەغدادی کردووە، ە هۆی زانینی زمانی تورکی و فارسییەوە ئاگاداری لە ئەدەبیاتی نووسراوی تورک و فارس هەبووە. ئەوانەش زەمینەیەکی گونجاویان بۆ بەرزی ئاستی هۆشیاری ڕەخساندوە.

خوێنەری وتار و شیعرەکانی هەست بەوە دەکات لە نووسینەکانییەوە مەعریفەیەکی قووڵی سیاسی و ئەدەبی هەیە، دەزانێ ئەدەب دەکرێ سیاسی بێت و لە هۆشیاری نەتەوەیدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێ، هەر ئەوەش وایکردووە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی سەردەمی خۆیدا، بەرەوپێش بچێت و زۆر ڕاستگۆیانە وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی، ڕاستییەکانی ئەو قۆناغەی تێدا ژیاوە تۆماربکات.

## دووەم: ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" و بارودۆخی دەرچوونی

پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە مەنفا و دامەزراندنی کابینەی دووەم لە ساڵی ١٩٢٢، مستەفا پاشا یامولکی، کە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری (بانگی کوردستان) بوو، بوو بە وەزیری موعاریف، ڕۆژنامەکەی داخرا و شێخ مەحمود لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ بڕیاریدا ڕۆژنامەیەکی فەرمی بەناوی (ڕۆژی کوردستان) لە شاری سلێمانی بڵاوبکاتەوە و جێگەی بانگی کوردستان بگرێتەوە..

ئەم ڕۆژنامەیە زمانی حاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی بڵاودەکردەوە، ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە لە ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەرچوو، دواژمارەشی کە ژمارە ١٥یە لە ٣

مارسی ١٩٢٣ دەرچوو.

شێخ نووری شێخ ساڵح، کە پێشتر قوودەرت و توانا ڕۆژنامەنووسییەکەی بەتەواوەتی دەرکەوتبوو، لەلایەن شێخ مەحمودەوە بە فەرمانێکی شاهانە کرا بەخاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان. شاعیر عەلی کەمال باپیر وەک موحەڕیر نووسەر لەگەڵیدا دەست بەکاربوو. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسرابوو (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی)یە، هەفتەی جارێک دەردەچێ.

ئەم پۆستە نوێیەی شێخ نووری هاوکات بوو لەگەڵ ئەو دابەشبوونە قوورسەی کە لە کوردستاندا لە نێوان لایەنگرانی ئینگلیز و تورکەکان "جلخوارەکان"دا دروست بوو، دەوروبەرەکەی شێخ مەحمودیشی گرتبووەوە. بەڵام گەر تەماشایەکی ئەو نووسینانە بکەین کە خودی شێخ نووری نووسیونی، بۆمان دەردەکەوێت هەم ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان هەم سەرنووسەرەکەشی بەرژەوەندی نەتەوەییان لاگرنگتربووە؛ بەلای هیچ بەرەیەکدا خۆیان ساغ نەکردووەتەوە، هەوڵەکانی زیاتر بۆ سەربەخۆیی و بەئاگاهێنانەوە و پشت بەخۆبەستن بووە، کاری بۆ تێکشکاندنی نائومێدی کردووە. ئەو (١٥) ژمارەیە، جگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەیاننامە فەرمییەکانی مەلیک مەحمودی یەکەم، سەروتار و بابەتی سیاسی و دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتیشی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هەر هەمووی بە تامی سیاسی. (خەزنەدار، ١٩٧٣: ١١)

بەشی زۆری نووسەر و شاعیر و سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە لە دەوری ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا کۆبوونەوە، مەیدانی نووسین بڵاوکردنەوە بەرفراوانتر بوو بۆیان تا لە ڕێگەیەوە بیر و بۆچوون و ئاراستە فیکرییەکانیان بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری مێژوویی بخەنەڕوو. سەرچاوەی داهاتی ڕۆژنامەکە وەک نەوشیروان مستەفا دەڵێ جگە لە ئابوونە، بڵاوکردنەوەی ئیعلانات بووە و ئەوەش سەرچاوەیەکی گرنگی پارە پەیداکردنی بووە بۆی. (ئەمین، ٢٠١٣: ٢٧١)

ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان" ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە کۆکردنەوەی پشتیوانی خەڵک بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمودی مەلیک و جۆشدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی، درێژەی بە پەیامی هۆشیاری و تەنویرکردنی خەڵک بۆ خوێندن و زانست و سەنعەت دەدا، کە ڕۆژنامەکانی پێش خۆی دەستیان پێکردبوو.

بەشێکی زۆر لەوانەی کە لە بارودۆخی لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٥ی کوردستان کۆڵیوەتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نەتەوەخوازە کوردەکان و زمانحاڵی حکومەتەکەی شێخ مەحمود زانیوە، نووسەرەکانیشی بە تایبەت م. نووری یان بە هەڵگری بیری نەتەوەیی کوردی لە قەڵەم داوە. دەیڤید مەکدوڵ بە ئاماژە بەو سەروتارەی سەرەوە دەنووسێ "محەمەد نووری بەزمانێکی نەتەوەیی یەکلاکەرەوە دەنووسێت" (مک داول، ٢٠٠٥ : ٢٤٧) دواتریش برگەی کۆتایی سەروتارەکە لە کتێبەکەیدا بڵاودەکاتەوە. ئەدمۆنز، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەم ڕۆژنامەیە دەڵێ: "بۆ تێگەیشتن لە کێشەی کورد بەو شێوەیەی کە نەتەوەخوازەکانی سلێمانی دەیانویست، باشترین سەرچاوە گواستنەوەی بەشێک لەو وتارانەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە." (ادمونز، ١٣٦٧ :٣٢٢)

عەبدولڕەحمان ئەلبەیاتی دەڵێ: "ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ئاوێنەی خستنەڕووی سیاسەتەکانی شێخ مەحمود و بیروڕا سیاسی و هزرییەکانی بووە

و ڕۆڵی هەبووە لەبەرزکردنەوەی ئاستی ورەی کورددا لە سلێمانی و تۆمارێکی بەڵگەنامەیی قۆناغی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودی حەفید بووە لە نێوان ١٩٢٢ – ١٩٢٣"دا. (البیاتی، ٢٠٠٧، :٢٤١)

بەشی دووەم: شیکاری ناوەڕۆک بۆ سەروتارەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح

پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن پێیان وایە نووسەری وتاری ڕۆژنامەوانی دەبێ خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی بێت.

بە بەراورد کردنی تێکرای ئەو وتار و سەروتارانەی کە م. نووری نووسیونی، بۆمان دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو ئەزموونەکەمەی کە لە کاری ڕۆژنامەنوسیدا هەیبووە، بەڵام لە نووسینی وتاری ڕۆژنامەوانیدا خاوەن شێوازێکی تایبەت بەخۆی بووە.

خاڵێکی جیاکەرەوەی شێوازی تایبەتی شێخ نووری ئەوەیە کە هەمیشە بابەتەکانی بە گەشبینی کۆتاییان دێت، بە چاویلکەی تاریک نەیڕوانیوەتە ئایندە، بەڵام ئەو گەشبینییەی ئەو گەشبینیەکی ساختە نییە، بۆ گەیشتن پێی لەسێ ئاستدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت.

– ئاستی خەڵکی سادە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە

– ئاستی (بەرپرسان) کە زیاتر مەبەستی لە مەلیک مەحمود بووە،

– ئاستی دەستەبژێری ڕووناکبیر و مونەوەرەکان.

شێخ نووری لەماوەی سەرنووسەرێتی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، لە زۆربەی ژمارەکانیدا سەروتارێکی نووسیوە، ناوەڕۆکی سەروتارەکان قسەکردن بووە لەگەڵ بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ. لەم چەپتەرەدا بەپێی مێژووی نووسینیان، شیکردنەوەی ناوەڕۆک دەکەین بۆ ئەو سەروتارانە.

یەکەم: نەتەوەیی ڕۆمانتیک و گوتاری نەتەوەیی کوردی

نەتەوەیی ڕۆمانتیک، وەک چەمکێکی فیکری و سیاسی، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا هەبوو. ئەم جۆرە نەتەوەییە جەخت لەسەر بنەماکانی زمان، ئایین، میرات، و کولتووری هاوبەش دەکاتەوە و بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ یەکگرتنی نەتەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دادەنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، هەست و سۆزی نەتەوەیی وەک هێزێکی بزوێنەر بۆ کۆکردنەوەی تاکەکان و دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی بەکاردەهێنرێت.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، نەتەوەیی ڕۆمانتیک ڕێگەی خۆی بۆ ناو شیعری کوردی دۆزییەوە. شاعیرانی کورد لە کۆتایی سەدەی شانزدەیەم و سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم و نۆزدەیەم مەلای جزیری و ئەحمەدێ خانی دواتر حاجی قادری کۆیی، ئەم چەمکەیان وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی لە بەرامبەر هێرشەکانی داگیرکەران بەکارهێنا. ئەم شاعیرانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی پڕ لە سۆز و هەستەوە، مێژووی دێرینی کورد و خەباتەکانیان بۆ خوێنەران دەگێڕنەوە، بەمەش هەوڵ دەدەن هەستێکی هاوبەش لە نێوان کورددا دروست بکەن و یەکڕیزییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم بەهێز بکەن.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم شێخ نووری ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی کوردیدا

گێڕاوە. وتارەکەی "ثبات و متانەت قوم کورد" کە لە ژمارە ٢ی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) دا بڵاوکراوەتەوە، وەرچەرخانێکی گرنگ بووە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا. لەم وتارەدا، شێخ نووری بە شێوازێکی حەماسی و پڕ لە سۆز، مێژووی دێرینی گەلی کورد و خۆڕاگرییەکانیان دەخاتە ڕوو. ئەم وتارە نەک تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گرنگ بووە، بەڵکو لە ڕووی شێوازی نووسینیشەوە هەنگاوێکی نوێ بووە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، چونکە بە زمانێکی ڕوون و کاریگەر نووسراوە کە توانای وروژاندنی هەستی نەتەوەیی خوێنەرانی هەبووە.

"قەومی کورد قەریبی چوار هەزارساڵ لەپێش میلاددا لە شەرقی دیجلە، یەعنی لە موقیعی حاضیرەدا هەر بووە و زۆر دەفعەش ئیثپاتی موجوودییەتی میللی خۆی کردووە. ١٨ عەسر لەپێش میلاددا بە موجوودیەتێکی زۆر و ئینتیظامێکی فەوقەلعادە کلدانستانی ئیشغال و چەند عەصرێک بە کەمالی دەبدەبە ئەو جێگایانەیان ئیدارە و لەوێدا ئاثاری مەدەنییەتیان تەئسیس کردووە، لەپاشا لە طەرەف ئاثورییەکانەوە بە هجومێکی ظاڵمانە ئەو جێگایانەیان لێ سندراوەتەوە و مەوقعی خۆشیان ئیشغال کراوە.

لەدوای ئەمە چەند عەصرێک لەژێر ئیدارەی موناوەبەی ئاثورییەکان و کلدانییەکانا ماوەتەوە و کەوتوەتە دەست ئێران و لەپاش چەند عەصرێکی تریش کەوتۆتە دەست یۆنان، یەعنی ئەسکەندەر واریثی لەپاشا، ڕۆما و لەدوای ئەو تیکرار ئێران و لە ظهوری ئیسلامییەتدا کەوتۆتە دەست ئیسلام و لە زەمانی عەباسییەکاندا هۆلاکۆ و قەرەقوویونلی و ئالی جەزایر و تورک. (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک ٢: ١)

وتارەکەی شێخ نووری خاوەنی پێکهاتەیەکی تیئۆلۆژیکییە، واتە ڕووداوە مێژووییەکان وەک پێشەکییەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی خۆیدا دەبینێت. ئەم شێوازە گێڕانەوەیە، مێژووی کورد بە شێوەیەک دەخاتە ڕوو کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات، کە ئەویش دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردییە. هەروەها، شێخ نووری بە بەردەوامی وشەکانی "مەللەت" (نەتەوە) و "قەوم" (گەل) بەکاردەهێنێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر یەکێتی و یەکبوونی کورد. ئەمە لە کاتێکدایە کە کورد لەو سەردەمەدا لە ڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە دابەشبوو بوون، بەڵام شێخ نووری هەوڵی داوە لە ڕێگەی گوتارەکەیەوە هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بکات و خەڵک هان بدات بۆ یەکگرتن.

"لەگەڵ ئەم هەموو ئینقیلابە تەئریخییەدا کە لەژێر پێی ئۆردووی جیهانگیرانی شەرق و غەربدا پەریشان بوون، کە ئەگەر ئەم موهاجەماتە دایمە بەسەر حکومەتێکی موعەظەمەدا بهاتایە، وەکو ڕۆمای شەرق، نە لیسان و نە ناوی لە ڕوی کائیناتدا نەئەما. قەومی نەجیبی کورد مەوجوودییەتی مادییە و لیسانی میللیەی خۆی موحافەظە کرد و لە هەموو فرصەتێک بیلا ئیستیفادە ئیدیعای حەقی ژیان و ئازادیی خۆی کردووە و قەهرەمانی زۆر ناودار و حوکمداری زۆر فەعال و عالیی جەنابیان بووە، وەکو صلاح الدین و کەریم خانی زەند و سائیرە.

عەلەل خوصوص ئەمە چەند ساڵێکە جەنابی حەضرەتی مەلیکی کوردستان، یەعنی مەلیک مەحمودی ئەوەڵ، بۆ سەعادەت و تەرەقیی ئەم میللەتە، هەموو نەوعە فیداکارییەکی ئیختیار کرد؛ تا ئەمجارە بە ئامالی خۆی کە سەعادەت و تەرەقیی ئەم وەطەن و میللەتەیە نائیل بوو و ئەم میللەتەش لە سایەی هیمەتی وەطەن پەروەرانەی موشارئیلەیهەوە، بە ڕۆژی سەعادەت و ئازادیی

خۆی گەیشت. هـەر بمێنێ مەلیکی کوردستان." (م.نووری، هەمان: ١)

وتارەکە، لەگەڵ وتارەکانی تری نەتەوەیی گەلانی دیکە لەو سەردەمەدا هاوشێوەیی زۆری هەیە. بۆ نموونە، دەتوانرێت بەراورد بکرێت بە نووسینەکانی جۆرجی زەیدان (١٨٦١-١٩١٤) لە گۆڤاری "الهلال" کە بۆ دروستکردنی گوتاری نەتەوەیی عەرەبی بـەکـارهـاتـووە، یـان نـووسـەرانـی تـورک وەک ضیا گۆک ئالپ (١٨٧٦-١٩٢٤) کە هەوڵیانداوە ناسنامەیەکی نەتەوەیی تورکی دروست بکەن. ئەم هاوشێوەییە نیشانەی ئەوەیە کە گوتاری نەتەوەیی کوردی هاوکات بووە لەگەڵ گوتارە نەتەوەییەکانی سەردەمەکەدا و گوتارێکی کوردانەی پەتی بووە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان.

وتـــارەکـــە لـــە ڕووی مـــیـــتـــۆدۆلـــۆژی و مێژوونووسییەوە کەموکوڕی و بۆشایی تێدایە، بەڵام وەک دۆکیومێنتێکی مێژوویی سەردەمەکەی گرنگە بۆ پیشاندانی گوتاری نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم. لە ناو ڕیڕەوی گشتی بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردیدا، ئەم وتارە یەکێکە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی نوخبەی کورد بۆ دروستکردنی گێڕانەوەیەکی نەتەوەیی- مێژوویی کە لە ساڵانی دواتردا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەلایەن محەمەد ئەمین زەکی بەگ و خەڵکانی ترەوە گەشەی پێدەرێ.

دووەم: داروینیزمی کۆمەڵایەتی و ململانێی مانەوە لە وتاری "مجادلەی حەیات"دا

وتـاری "مجادلەی حـەیات" کە لە ژمـارە (٥)ی ڕۆژی کوردستان دا بڵاوبووتەوە، نموونەیەکی گرنگە لە ئەدەبیاتی فیکری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. شێخ نووری یەکەم کەس بووە کە داروینیزمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بیری ئایینی-ئیسلامی تێکەڵ کرد بۆ دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەیی. ئەم وتارە لە ڕوانگەیەکی گرنگەوە نیشان دەدات کە نـووسـەر نـەتـەوە وەک بوونەوەرێکی زیندوو دەبینێت کە شایستەی مانەوەیە، و بەپێی یاسا سروشتییەکان و یاساکانی سروشت، ناتوانێت لەو یاسایە دەرباز بێت. خاڵی هەرە گرنگی وتارەکە لەوەدایە کە نووسەر چارەسەری نەتەوە و گۆڕینی کۆمەڵایەتی بە هەوڵ و کۆششی تاکەکانی کۆمەڵگە و گۆڕینی خۆیانەوە دەبەستێتەوە: "سیلسیلەی عوضوییات ئەگەر لە دونیادا تەدقیق و تەتەبوع بکرێ، ئەبینرێ کە هەموو حەیوانات، نەباتات تابیعی قانوونێکی (لا یتغیر)ن بەو قانوونە تەکامل و یا ڕوو ئەکەنە ئینقیراض. ئەجناس و ئەنواعی حەیوانییە و نەباتییە، هەر بەم قانونە فیطرییە ئەژی، هەر ئەم قانوونە سەوقی تەکامولی ئەکا و هەر بە ئیلجائات ئـەم قانوونە ضـەرورییە لـە صـەحنەی کائینات دەرئەهاوێژرێ......

ئەگەر لـەو مقاوەمەتە عاجز بێ، حەقی ژیانی نامێنێ، خۆ ئەگەر زۆر زەعیف بـوو، مەحکومی مەوتێکی ئەبەدەی ئەبێ. قانوونی خیلقەت بەم نەوعە دانـراوە، هـەرواش جەرەیانی کردووە، هیچ شتێک ئەم قانوونە تەعدیل و هیچ قووەتێ ئەم جەرەیانەی تەوقیف نەکردووە و نایکا..... بۆ ئەم خصوصەتە، تەئریخی تەکامول و ئینقراضی عضویات شاهیدێکی لایموتە. ئەگەر تەعمیق و تەتەبوع بکرێ، بۆ ثبوتی ئەم حەقیقەتە لا یەعود دەلائیل ئەهێنرێ. (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک٥: ١-٢)

شێخ نـووری لـە وتـارەکـەیدا چەند چەمکێکی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، لەوانە:

١. بەکارهێنانی دەستـەواژەی "ململانێی ژیان" (struggle for existence).

٢. ئاماژەدان بە "یاسای گەشەکردن" کە یاسایەکی سروشتییە و حوکمی هەموو شتێک دەکات.

٣. پەیوەستکردنی مانەوەی نەتەوەکان بە هەمان یاسای سروشتییەوە، وەک لە دەستەواژەی "لە ململانێی ژیاندا مافی مانەوە و زاڵبوون هی ئەوانەیە کە شایستەن".

٤. بەراوردکردنی نەتەوەکان بە بوونەوەرە زیندووەکان کە دەبێت خۆیان لەگەڵ ژینگە بگونجێنن.

"هەتا ئێستا موعەڕەضی هەر فەلاکەت بووین، سەیئات و عەطاڵەتی خۆمان بووە. ئەمجا لازمە لە پێش هەموو شتێکدا ئەم حەقیقەتانە بە تەواوی تێ بگەین، لە پاشا بە چ ڕێگایەکدا ڕۆیشتن ئێجاب ئەکا تەقدیری بکەین، چونکە زەمان زۆر نازکە، فورصەت لەبەردەستدایە، وەقت وا موساعەدەمان نییە کە بە تەرەدوود رای ببوێرین....

تا ئێستا خەطا وەکو لە خۆمانەوە بووە، تەعمیریش با لە خۆمانەوە بێ، خودای تەبارەکوتەعالا هادییەکی حەقیقییە، ئەفەرموێت (إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم) یەعنی قەومێک خۆی سەجییەی خۆی تێکنەدا، خواش سەعادەتیان تێک نادا. فەرمویەتی (ان ليس للانسان الا ما سعى)، ئەمانە لێک بدەینەوە وا بڕۆین بەڕێوە بە زویەتێکی زووەوە نائیلی ئامالی موقەدەسە ئەبین." (م.نووری، ١٣٣٨هەمان: ٢)

بەڵام، جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان داروینیزمی کۆمەڵایەتی کلاسیک و وتارەکەی شێخ نووری هەیە. نووسەر تەنها لەسەر ململانێی مانەوەی کۆمەڵگەکان جەخت ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕەچاوکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی کورد، یاسا سروشتییەکان لەگەڵ ئامۆژگارییە ئایینییە ئیسلامییەکان تێکەڵ دەکات بۆ مەبەستی چاکسازی و پێشکەوتن. ئەو پاساو بۆ هەژاری ناهێنێتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر پێویستی "هەوڵ و کۆشش" دەکات بۆ سەرکەوتن و مانەوە، و دژی "تەمبەڵی" دەوەستێتەوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەم وتارە، دوالیزمی (مانەوە/ قڕبوون) و (نەزانی/ زانست) ە. نووسەر هۆشداری دەداتە کورد کە جگە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانە، ڕێگەیەکی سێیەم لەبەردەمیدا نییە: یان دەبێت پێشبکەوێت و نەزان نەبێت، یان لەناو دەچێت و نەزان دەمێنێتەوە.

لە وتارەکەدا، نووسەر بە بەکارهێنانی جێناوی "ئێمە" وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی، خۆی لە پۆزیشنی ڕێنماییکارێکدا دەبینێتەوە کە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکەیەتی.

چوارەم: لە تاکەوە بۆ نەتەوە: فەلسەفەی کۆمەڵایەتی شێخ نووری شێخ ساڵح

م. نووری، لە هەموو ئەو وتارانەی کە لەو قۆناغەدا نووسیونی، پشتی بە زانست و مەعریفەت بەستووە، لەو سەروتارەی کە لە ژمارە ٤ ی "ڕۆژی کوردستان"دا بە ناوی (فەنی و ئیجتماعی – میللەت) نووسیویەتی، پشتی بە یاسای ماتماتیک بەستووە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانی و گرێی داوەتەوە ئامانجە سەرەکییەکەی کە یەکێتی و یەکڕیزیی کوردە؛ ئەم وتارە دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخ و دابەشبوونە سیاسییە کە لەو سەردەمەدا لە ئەنجامی هاتنی 'ئوزدەمیر'ەوە خەریک بوو تۆی دووبەرەکی دەکەوتە نێوان دەوروبەری مەلیکی کوردستان. شێخ نووری بۆ ئەوەی ئەو دووبەرەکییە ڕوونەدات، ئەم سەروتارەی نووسیوە و تێیدا دەڵێ: "میللەت لە جەمعییەت و جەمعییەتیش لە ئیجتیماعی چەند فەردێک تەشەکولی کردووە. کە وابێ فەرد هەتا زیندوو و فەعال بێ، هەتا بە تەربیەتێکی ئەصیل تەربیە و پەروەردە کرابێ، ئەو جەمعییەتەی کە تەشکیلی ئەکا، ئەوەندە ڕەصین

و ئەوەندە پایەدار ئەبێ و لەو نسبەتەیشدا ئاثاری تەرەقی و تەکامول نیشان ئەدا.

ئەفرادی جوێ جوێ ئەگەر هەریەکێ بە قووەتێ تەلەقی بکرێت، ئاثاری و قووەت و عەظەمەتی ئەو هەیئەتە عمومییە کە نشانی ئەدا، بیلطەبع موتەناسیبە بەو مەحصەلەیە کە لە شیددەت و تەرکی ئەو قووەتانە هاتبێتە وجوود. " (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک٤: ١)

شێخ نووری لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەتەوە لە کۆی دانیشتوانی کۆمەڵگەیەک پێکدێت، کۆمەڵگاش لە یەک بەیەکی تاکەکان پێکهاتووە. تاکەکان خشتی بنەڕەتی بیناکردنی کۆمەڵگان.

ئەو پێی وایە چۆنییەتی پەروەردەکردنی تاک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە پێکی دەهێنن. پەروەردەی "ئەصیل" تاکێکی کاریگەر و بەسوود بەرهەم دەهێنێت کە بەشداری دەکات لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی "ڕەصین و پایەدار.

نووسەر بە شێوەیەکی داهێنەرانە یاسای میکانیک و بیرکاری بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی دینامیکیەتی کۆمەڵگە و سەلماندنی بیروبۆچوونەکانی و دەڵێ ئەگەر هێزی دوو تاک یەکسان بێت بە سفر، ئەنجامەکەشی سفر دەبێ، بەڵام ئەگەر چەند هێزێک یەکگرن و بە هەمان ئاراستەدا بڕۆن کۆی هێزەکان زیاد دەکات و کاریگەریان زۆر دەبێ. بەڵام ئەگەر هێزەکان لە ئاراستەی جیاوازدا بن یان پێچەوانەی یەکتر بن، ئەوا دەبێتە هۆی وەستانی کۆمەڵگە.

"فەنی میکانیک، حیکمەتی طەبیعیە بۆ ئیمە وای ئیثپات ئەکا کە شیددەتی دوو قـووەت، ئەگەر لەگەڵ صفردا مساوی بێت، مەحصەلەش سفرە. وە ئەگەر چەند قووەتێک لە عەینی جیهەتا تەئثیر بکەنە نەقطەیەک شیددەتی مەحصلەکەی موساویی شیددەتی قووەتی مەجموعەکە ئەبێ. ئەم قانونە ریاضیەیەش لەگەڵ ئیجتیماعییدا تەطبیق بکرێ، عەینەن بەم نەوعە ئەبێ. ئەم قانونە ریاضیەش لەگەڵ ئیجتماعیاتدا تطبیق بکرێ عەینەن بەم نەوعە ئەبێ." (م.نووری، هەمان: ١)

هێنانەوەی ئەم نمونەیە بۆ ئـەوە بڵێت حاڵەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەندە بە تاکەکانی کۆمەڵگەوە کاتێک تاکەکان "موتەوەجیهی غایەیەکی موعەییەن بن" (واتە ئاراستەیان یەک ئامانج بێت) بە دڵنیایەوە دەرئەنجامەکەی ئەوەیە "میللەت لە ساحەی تەرەقیاتدا بە هەنگاوی زۆر خێرا پێش ئەکەوێ." بەڵام کاتێک تاکەکان لە ئاراستەی جیاواز یان پێچەوانەی یەکتر کار بکەن و "هەریەکێ نەوعە ئامالێک طەرزە غایەیەک، تەعقیب بکەن" لە ئەنجامدا "ئەو میللەتە ئەکەوێتە حاڵی عەطالەتەوە و هیچ حەرەکەتێکی پێ ناکرێ." دەگاتە حاڵەتێک "زۆر زەحمەتە بەهیچ مەقصودێک بگات."

شێخ نووری بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکەی هەوڵ دەدا ئۆرگانیکی کۆمەڵگە بە لەشی مرۆڤ دەشوبهێنێت کە لە ئەندامی جیاواز پێکهاتووە. دەڵێ هەروەک چۆن نەخۆشی یەک ئەندامی جەستە کاریگەری لەسەر تەواوی جەستە دەبێت، بەهەمان شێوە، ئەگەر تاکێک یان کۆمەڵێک لە کۆمەڵگەدا دژی بەرژەوەندی گشتی بجووڵێنەوە، کاریگەری خراپی لەسەر تەواوی کۆمەڵگە دەبێت. تەندروستی تاکەکان بۆ تەندروستی کۆمەڵگە گرنگە، ئەم نەخۆشییە بەرەبەرە بڵاو دەبێتەوە. مێژووی گەشەکردن و لەناوچوونی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی وانەی گرنگ بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت، کۆمەڵگەکان لەبەر هەمان هۆکار لاواز دەبن یان پێش دەکەون.

میللەتێک کە فەعالیاتی ظاهیرەی ئیجتیماعی، ئەخلاقیی چەند فەردێک تەشکیلی بکا، قووەتێک،

مەحەصەلەیەک تەولید ئەکا، کە موساوی قوودرەتی فیکرییەو بەدەنییەی ئەو مەجموعە ئەبێ. ئەم فەردانە وەکو عەرضمان کردن، ئەگەر زیندوو لەحاڵ فەعالییەتدا موتەوەجیهی غایەیەکی موعەیيەن بن و ئیبرازی فەعالیەت بکەن، میللەتیش بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە لە ساحەی تەرەقیاتدا بە هەنگاوی زۆر خێرا پێش ئەکەوێ.

خۆ ئەگەر فەردەکان یەکێکی قووەتی موساویی صفربێ، یەکێکی تەئثیر بکاتە نقطەیەک یەکێکی عەکسی تەئثیربکا، یەعنی هەریەکێ نەوعە ئامالێک طەرزە غایەیەک، تەعقیب بکەن، ئەو میللەتە ئەکەوێتە حاڵی عەطالەتەوە و هیچ حەرەکەتێکی پێ ناکرێ. ئەو میللەتە خوانەخواستە نزول بکاتە ئەم دەرەجەیەوە زۆر زەحمەتە بەهیچ مەقصودێک بگات... لەسەر هەموو ئەفرادی ئەم قەومە نەجیبە فەرض و ئیلزامە کە بۆ مەنافعیی عومومیە موتەحید غیرەت و هەموو بۆ ئەم رۆژەموقەدەسە بۆ ئەم غایە موعەیەنە سەعی بکەین" (م.نووری، هەمان: ١)

ئامانجی کۆتایی شێخ نووری لەنووسینی ئەم بابەتە بانگەشەی یەکگرتن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردییە. ئەو دەڵێ پێویستە هەموو تاکەکانی نەتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی یەکبگرن. تەنها بە هەوڵی هاوبەش و لە یەک ئاراستەدا، نەتەوەی کورد دەتوانێت پێشکەوتن بەدەست بهێنێت و کاتێک ئامانجی تاکەکان جیاواز و لێک دوور بێت، نەتەوە دەکەوێتە دۆخی وەستانەوە.

## پێنجەم: کێشەی موسڵ، ڕەخنە لە هەڵوێستی کورد بەرامبەر کێشەی موسڵ

دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا و هێزە رۆژئاواییەکان (بە تایبەت بەریتانیا و فەرەنسا) دەستیان کرد بە دووبارە نەخشەکێشانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەیماننامەی سیڤر (١٩٢٠) بەڵێنی بە کورد دابوو کە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەیە، بەڵام ئەم پەیماننامەیە هەرگیز نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

کۆنفڕانسی لۆزان (١٩٢٢-١٩٢٣) دەستی پێکرد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لایەنەکانی کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە:

- تورکیای کەمالیی نوێ (کە بە بەشێک لە خاکی خۆی دادەنا)
- بەریتانیا (کە بە کردەوە کۆنترۆڵی کردبوو و دەیویست بیلکێنێت بە عێراقەوە لە ژێر ئینتدابی بەریتانی)
- عەرەب (کە بە بەشێک لە خاکی عێراقیان دەزانی)

لە ژمارە ٦ی "رۆژی کوردستان"دا، شێخ نووری سەروتارێکی بە ناوی (ویلایەتی موصل لە لۆزاندا) نووسیوە، ئەم سەروتارە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، لە قۆناغێکی چارەنووسسازی مێژوویی ناوچەکەدا ڕوانگەی کورد سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەخاتەڕوو، کە لەو سەردەمەدا بابەتی ناکۆکیی نێودەوڵەتی بوو لە نێوان تورکیا و ئینگلیز. لەسەرەتای وتارەکەدا شێخ نووری ئاماژە بەوە دەکات کە لە لۆزان تورک و عەرەب، ئاشووری و نەستووری، لەسەر ولایەتی موسڵ کە کوردستانە شەڕیانە، لە کاتێکدا کورد کە خاوەن ماڵە پشتگوێ خراوە. ئەو کۆنفرانسەکە بە شەڕ لەسەر "ماڵێکی بێ خاوەن" وەسف دەکات.

وتارەکە بە نوێترین هەواڵ سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ دەستپێدەکات: لەم رۆژانەدا لە بەینی مورەخەصی تورک و عەرەبدا لەسەر ویلایەتی موسڵ مونازەعە و موناقەشە جەریان ئەکا و دیسان لە مەجلسی لۆزاندا مومەثلێک بە ناوی ئاثوری و

نەستوری لە ویلایەتی موسڵ دا ئیدعای حکومەتێکی موستەقیلە ئەکا.

ویلایەتی موسڵ کە بە ئیعتباری عموم کوردن، بە ناوی میللەتەوە مودافەعە یا غەصبی ئەم ویلایەتە بۆچی لە طەرەف ئەقووام سائیرە طەڵەب ئەکرێ؟

ئێمەی غافڵ و عاطل و بە وەطەنی خۆمان بێگانە طەبیعیە عالەمیش چاوی لە وەطـەن و موڵکمان بڕیوە.

هەتا دوێنێ مەعذورەتێکی وەلەو نامەعقوولیش بێ بۆمان، فەقط ئەمڕۆ عەللمەلەئی ئەلناس خەریکی تەئسیسی حکومەتین و خەریکین لە بەینی ئەقووامدا ئیثباتی موجوودیەت بکەین. نابێ گەورەو بچوک بەرامبەر حقووقی مەشروعەی خۆمان ئەوەندە لاقەیدبین".(م.نووری،١٣٣٨، ر.ک ٦: ١)

شێخ نـووری لـەسـەر غەفڵەت و بێ خەمییان بەرامبەر خاکەکەیان لۆمەی کورد خۆی دەکات، و پێی وایە ئەمەیە وایکردووە کەسانی تر چاویان بڕیبێتە نیشتمانەکەیان. ئـەوەش ئەسەلمێنێ کە داواکارییەکانی تورک و عەرەب و ئاشوورییەکان پشت بە ڕاستییە دیمۆگرافییەکان نابەستن، بەڵکو ئـەوان کەمینەیەکن ناوچـەکەدا و خواستەکەیان نابەجێیە.

تـورک، عـەرەب یا ئاثوری حەقی دەعوایان لە ویلایەتی موسڵدا موجوودییەتێکی قەلیلی قەومییە، یەعنی نە تـورک، نە عـەرەب لە مـەدا مەدافەعەی نەفس وەطەنی خۆیان نییە، بیلعەکس حیرصی جاه وەیا وەفاه قیسمێکی قەلیلی جینسی خۆیان طەڵـەب ئـەکـەن، ئـەگـەر مەجلیسی ئـەقـووام ئەم نەوعە موطاڵەبانە مەشروع بزانێ، ئایا مودافعێکی حقووقی کورد لە طەرف ئێمەوە واقیع ببێ، چۆنی تەلەقی ئەکا؟ ئێمە ناتوانین جوابی ئەمە بدەینەوە، چونکە دەرحـەق بە مـوقـەڕەراتی کـوردسـتـان لە فیکر مەجلسی لـۆزان بێ خەبەرین، یەعنی ئەو حوکومەتانەی کە مورەخەصیان ناردوەتە لۆزان، لە پرۆژەیاندا حکومەتەوە یا قەومییەتێکیان بۆ کورد تەصەور کـردووە یان نا؟ موحافەظەی ئەقەلیات تەشمیلی کورد ئەکا یا نا؟

ئەڵبەتە خەیر، چونکە ئەم موناقەشانە لە میللەت زیاتر لـەسەر ئەراضیەکە کە لە بەینی تـورک و عەرەبدا تەرجیحەن لازمە بە کامیان تەسلیم بکرێ. (م.نووری، هەمان: ١)

سەرنووسـەری ڕۆژی کوردستان لە تارەکەیدا جەخت لـەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە داواکاریی کورد پاراستنی کەمینەکان نییە، چونکە کـورد کەمینە نییە، بەڵکو دانپێدانانە بە مافی گەلێکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نێو سنوورێکی جوگرافی و سروشتی خۆیدا.

بـەحـتـی مـوحـافـەظـەی ئـەقـەلـیـاتـیـش دائـیـر بەحکومەتێکی نەسطورییە نـاوی کـورد مەعەل تەئەسەف هـەر ئـەوە مەوضوعیی بەحث نییە.... طەڵەبی ئێمەش لە مەجلیسی لـۆزان موحافەظەی ئەقەلیات نییە، مودافەعەی حەقی حەیات میللەتێکی گەورەی سەربەخۆی صاحێب وەطەنە؛ ذاتەن دائیر بە تەشکیلی حکومەتێکی کوردییە، وەقتی خۆی لەسەر موذاکەرەیەک کە لە طـەرەف کورد عەلی پاشا زادە نامیق بەگەوە بە مەجلیسی سەن ریمۆ تەقدیم کرابوو، لەمەجلیسی مەذکوردا دوورو درێژ ئیستیقلالیەتی کوردستان مەوضوعی بەحث کرابوو. مەعلئەسەف لـەبـەرئـەوەی کـە طالیعی صوڵحی عمومی موساعیدەی نـەکـرد و لـەو مەجلیسەدا صوڵح تـەقـەڕوری نەکرد، لـەبـەرئـەوە مەسەلەی کوردستانیش مەسکوت عەنهو مایەوە، ئەمجارە لە مەجلیسی لۆزان ئومێد وا دەکەین کە کوردستانێکی موستەقیل لە داخلی حدودێکی جوغرافی و طەبیعیدا

بۆمان تەشکیل بکا و هەموو نەوعە حقووقی مەشروعە و حەقی حەیاتیمان بداتێ. (م.نووری، هەمان: ١)

سەرەڕای داواکارییەکانی شێخ نووری و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥ (دوو ساڵ دوای نووسینی ئەم وتارە) بڕیاری دا ویلایەتی موسڵ لە ژێر ئینتدابی بەریتانیدا بخاتە سەر عێراق، لەگەڵ بەڵێنێکی درۆینە بەوەی مافەکانی کورد دەپارێزرێ.

ئەم بڕیارە نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد، و بوو بە بناغە بۆ ململانێی بەردەوام لەسەر خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی کوردی لە عێراق، تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

ئەم وتارەی شێخ نووری لەو کاتەدا لە چەند ڕوویەکەوە گرنگە:

١. هەڵوێستی فەرمی کوردی لە قۆناغێکی چارەنووسسازی مێژووی ناوچەکە تۆمار دەکات.

٢. ڕەنگدانەوەی هۆشیارییەکی نەتەوەیی پێشکەوتووی کوردە لەو سەردەمەدا

٣. نائومێدی کورد دەخاتەڕوو لە پشتگوێخستنی مافە نەتەوەییەکانیان لە لایەن هێزە گەورەکانەوە

٤. بەڵگەنامەیەکە بۆ گفتوگۆ لەسەر داهاتووی ناوچەکە پێش نەخشەکێشانی سنووری کۆتایی دەوڵەتەکان لە ناوچەکەدا

شەشەم: داوای حقووقی مەشروعە

وتاری "داوای حقووقی مەشروعە"ی م. نووری کە لە ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە ١٠ کانونی دووەمی ١٩٢٣ بڵاوبووەتەوە، وەک زۆربەی وتارەکانی دیکەی پێویستە وەک دۆکیومێنتێکی دەگمەنی گوتاری سیاسی- نەتەوەیی کوردە لە سەرەتای سەدەی بیستەم تەماشا بکرێت، چونکە چەندین لایەنی گرنگی گوتاری سیاسی کوردی لەو قۆناغە هەستیارەدا لەخۆ دەگرێت.

وتارەکە ڕاستەوخۆ ڕووی لە خوێنەری کورد و بەتایبەت خوێندەوارانی کوردە، بەڵام هاوکات پەیامی بۆ دەسەڵاتدارانی کوردیش تێدایە: "ئیسترحامیش لە حکومەتی حاضیرە و زیمامدارانی ئموور ئەوەیە...". هەروەها پەیام بۆ گەلانی دراوسێش دەنێرێت، بەتایبەت ئەوانەی کە دەڵێت "باوەڕ ناکەم دائیرەی طاپۆی ویجدانی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێمان سەنەدی خاقانیی ئەم موڵکە بۆ خوی ببڕی.

تەئریخەن ثابیت و موستەغنی بەیانە، کە میللەتی کورد قەومێکی زور قەدیم و صاحیب عەنعەناتێکی میللی و موحیطێکی طەبیعیە. کوردستان- ئەم کەلیمەیە کە ئینسانی خوێندەوار تەلەفوظی ئەکا، بەس ئەم مەنطەقەی سلێمانییە تا موحیطێکی جوغرافی واسیع و میللەتێکی کوردی کومەڵ موتەحیدی دیتەبەرچاو، کە حدودی طەبیعیەی ئەم موڵکە و ناوی ئەم میللەتە لە جوغرافیادا دیار و لە خەریطەی کائیناتدا مەوقیعێکی موهیمی ئیشغال کردبێ." (م.نووری، ١٣٣٨، ر.ک ٨: ١)

جگە لەوانە شێخ نووری لە وتارەکەدا پشت بە بنەماکانی نەتەوەیی مۆدێرن دەبەستێت کە لەو سەردەمەدا بڵاو ببووەوە و بەتایبەت پاش بەیاننامەی سەرۆک ویلسۆن دەربارەی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. لە هەمانکاتدا نووسەر لە چوارچێوەی گوتاری لیبرالی داوای مافی کورد دەکات و جەخت لەسەر "ئەمڕۆ عەصر میللییەتە" دەکات. بەکارهێنانی چەمکەکانی یاسای موڵکایەتی وەک "طاپۆ"، "سەنەد"، "فەراغ"، "میرات" و هتد نیشانەی ئەوەیە کە نووسەر هەوڵ دەدات داواکارییەکەی لە چوارچێوەی یاسای خاوەندارێتی- دا پێشکەش بکات.

"ئامالی ئەم موحیطە لە بەرئەوەی کە دینەن،

عیرقەن، ئەخلاقەن ئیسلام و کوردن، هیچ فەردێ لە ئەفرادی ئەم قەومە ئارەزوی غەیری حورییەت و ئیستقلالیەتی خوی مەیلی، تەبەعییەت و حاکیمیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا، ...

ئێمە ئەم ئارەزوە ئەم دعوایەی خومانمان بیلفیعل ئیثبات کردووە. قەومی کورد کە لە صەحنە کائیناتدا ١٨ عەصر پیش میلاد لە مەوقع حاضرەی خویدا ئیثبات مەوجوودییەتی لەژێر پێی میللەلی موتەعەددەدا ئینقلاب و موهاجەماتی ئەقووام شەرقییە و غەربییەدا تا ئەمرۆ موحافەظەی لیسانی و میللیەتی خۆی کردووە، لەم عەصری موحافەظەی میللیەت و حقووقی ئەقووامەدا حەقی مەشروعی چۆن غەصب بکرێ؟

بێخواهیش و رەضا موڵکێک لە باو و باپیرمانەوە، نەسلەن بەعد نەسل بۆ بەطنی حاضیرە ئیرثەن ئینتیقالی کردبێ و ئەم موددەعایەش عیرق، جنسیەت، لیسان، موحیط، تەئریخ بە شەهاداتی موتەعەدیدە ئیثباتی بکا، باوەڕ ناکەم دائیرەی طاپۆی ویجدانی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێمان سەنەدی خاقانیی ئەم موڵکە بۆ خوی ببڕی و موعامەلەی فەراغییەی بە فضولی ئیجرا بکا، یا هیچ دەماغی ئەم خەوە ببینێ و بیهێنێتە دی." (م.نووری، هەمان: ١)

لە وتارەکەدا نووسەر چەند ستراتیژییەکی گرنگ بۆ دروستکردنی شوناسی ئێمە (کورد) و ئەوان (عەرەب، تورک و فارس) بەکار دەهێنێت:

– ئێمە و ئەوان (We and They): بەکارهێنانی "ئێمە" و "میللەتی کورد" و "قەومی کورد" وەک شوناسی خودی، و بەرامبەر بەوانە "هیچ قەومێکی تر" و "دەوڵەتێکی دراوسێمان".

– سازدانی دوژمنی نادیار (Constructing the Invisible Enemy): نووسەر بە وریایی ناوی دوژمن ناهێنێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باسی "مودەعییەک" و "ئەقووام شەرقییە و غەربییە" دەکات، کە ئاماژەیە بۆ عەرەب و تورک و فارس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

– تەوزیفی شوناسی ئایینی و نەتەوەیی: نووسەر هەوڵ دەدات میانگیری نێوان شوناسی ئایینی و نەتەوەیی بکات بە نووسینی "دینەن، عیرقەن، ئەخلاقەن ئیسلام و کوردن". ئەم میانگیرییە هەوڵێکە بۆ پاراستنی بنەما ئایینییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ نەتەوەیی مۆدێرن.

هەر مودەعییەک کە لە شەخصێکی ئاخر ئیدیعایەکی ناحەق بکا، ئەگەر ئەو مودەعییە خۆی بە شکات لێکراوێکی گەڕ پێکراو فەرض و تەلەقی بکا، لەبەرئەوە کە دەرەجەی تەئثور و تەئەسوفی گەڕپێکراوی بە دەرەجەیەک لێ مەعلوم ئەبێ، باوەڕ ناکەم هیچ دڵیان بهێنێ بچنە سەر بەشی خەڵقی تر و گەروگوڕی ناحەق بەکەس بکەن، چونکە ئەمە بە کوردی ئاش بگیری پێ ئەڵێن، هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵق و تالان کردن چۆن ئەبێ؟!

شێخ نووری لە کۆتایی وتارەکەدا چوارچێوەی گوتاری بەرگری ڕەوا (legitimate defense) بەکاردەهێنێت بۆ پاساودانی هەڵوێستی کورد: "هەموو ئان و زەمانێ حاضری هەموو فیداکارییێکە" و بەکارهێنانی پرەنسیپی "من قتل قتل...

بنیائەنعەلیهی قەومی کورد بۆ موحافەظەی حقووقی مەشروعە و مودافعەی حدودی طەبیعیە و صیانەتی شەرفی موقدەسەی میللیەی خۆی، هەموو ئان و زەمانێ حاضری هەموو فیداکارییێکە و تا لە دەستی بێ، قصور ناکا.

هەر پایەدار بێ مودافیعی وەطەن. هەر بمینێ حەضرەتی مەلیکی کوردستان حەضرەتی مەلیک مەحمودی ئەوەل. (م.نووری، هەمان: ١)

یەکێک لە کێشە گرنگەکانی نەتەوەیی کوردی لەو

سەردەمەدا چۆنێتی پەیوەستکردنی ئایین و نەتەوە بوو. شیخ مەحمود خۆی کەسایەتییەکی ئایینی بوو و ئەو نووسینەش هەوڵی داوە گرنگی هەردوو ڕەهەندەکە بخاتەڕوو: "دینەن، عیرقەن، ئەخلاقەن ئیسلام و کوردن".

لە کۆتاییدا، ئەم وتارە بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ئاستی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی و توانای ڕووناکبیرانی کورد لە فۆرمووڵەکردنی داواکارییەکانیان بە زمانێکی سەردەمیانە و لۆژیکی لەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی گەلی کورددا.

حەوتەم: عیبرەت لە فەلاکەتەکان: مانیفیستۆی ئازادی گەلی کورد

وتاری لە فەلاکەت عیبرەت کە لە ژمارە (١٤)ی ڕۆژی کوردستان لە ٢٤ شوباتی ١٩٢٣بڵاوبووتەوە لە قۆناغێکی هەستیاری مێژووی کورددا نووسراوەتەوە، شێخ مەحمودی حەفید دوای گەڕانەوەی لە هیندستان لە ساڵی ١٩٢٢دا هەوڵی دەدا دەسەڵاتی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵاتی بەریتانیدا لە کوردستان بسەپێنێت و خۆی وەک مەلیکی کوردستان ڕاگەیاندبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بریتانیا لە دژی ئەوە بوو، هانی سەرۆک خێڵەکانی دا لە دژی وەستانەوە پشتگیری تەواویان لێنەکرد و ناکۆکیی ناوخۆیی و دابەشبوونی وەلاکان لە نێوان عەشیرەت و سیاسەتدا دروست بوو. ئەم قۆناغە شایەدی گۆڕانکاری بنەڕەتی بوو دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، و بەرزبوونەوەی نەتەوەخوازی تورکی، و سەرلەنوێ دیاریکردنی سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی پەیماننامەکانی سیڤەر (١٩٢٠) و لۆزان (١٩٢٣)، کە بووە هۆی ئەوەی دۆزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پشتگوێ خرا. شێخ نووری نووسیویەتی:

قەومێ، میللەتێ لە فەلاکەت ماضی مەتیەنە نەبێ، بۆ ئیستقبالی خۆی سەعی نەکا، یەعنی لە حاڵی عەطاڵتا بێ، ئەو قەومە ئەو میللەتە، وەکو ماضی خۆی بە ذللەت، بە ئەسارەت رابوارد، حال و ئیستقباڵیش هەروا نا، بەڵکو زۆر خراپتر رائەبورێ، بەڵام شەخصێ کە ئەمڕۆ بۆ تەئمینی صوبحەینێ سەعی و ثەباتی کرد، بێ شوبە لە ئاتیا مەسعود و بەختیار ئەژیک: "قەومی کورد لە بیدایەتی حەربی عومومیەوە هەتا ئێستا، فەوقی تەصەور دووچاری ئەنواعی موشکیلاتی عەظیم و فەلاکەت بووە. ئەم فەلاکەتانەش هیچی خۆی بەسەر خۆیا نەیهێناوە، بیلعەکس ئیشتراکی فەلاکەتی ئەغیارمان کردووە و لە نەتیجەی ئەو فەلاکەتە، ئەبەدەن ئیستیفادەمان نەکردووە. دووبارە لەژێر ئیستبدادی ئەم و ئەودا بەشمان هەر پلیشانەوە بوو. بیلتەبع میللەت لەم مەحکوومیەتە ئەڵبەتە ئینتباهی بۆ حاصل بووە، یەعنی میللەتی کورد تازە ئیشتراکی فەلاکەتی هیچ میللەتێکی تر ناکا. ئەگەر بیکا، بۆ سەعادەتی خۆی یەک وجوود و موتەحید بە هەموو قووەتیەوە سەعی و ئیقدام ئەکا و ئیتر غەیری حورییەت و ئازادی میللی خۆی نەبێ، ئیختیاری ذیللەت و مەسکەنەت و تەبەعیەتی هیچ قەومێکی تر ناکا." (م. نووری،١٣٣٨، ر.ک ١٤: ١)

ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە، واتە ١٩٢٣/٢/٢٤ فڕۆکەکانی بەریتانیا بڵاوکراوەیەکیان بەسەر سلێمانیدا بەردایەوە و لەکارلادانی شێخ مەحمودیان ڕاگەیاند، بەڵام شێخ مەحمود ملکەچ نەبوو، فڕۆکەکانی ئینگلیزیش لە ٢ی ئازاری ١٩٢٣ دەستیان کرد بە بۆمبارانی سلێمانی، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر زیان لە خەڵک نەکەوێت، شێخ مەحمود بە ناچاری لە ١٩٢٣/٣/٤ لە سلێمانی دەرچوو. م. نووری" لەم وتارەدا گوتارێکی دوولایەنە بەرهەم دەهێنێ لەلایەک کار بۆ وروژاندن و جۆشدانی ناوخۆ

دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە و داوای هاوکاری و پشتیوانی لە هێزە دەرەکییەکان دەکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەو نووسەرێکی ساکار نیە بەڵکو خاوەنی جیهانبینییەکی سیاسی ڕوونە و زۆر بە قوڵی لە دۆخی سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەو کاتە تێگەیشتووە: "ئومێد ئەکەین زەمامدارانی کائیناتیش حەقی ژیانمان بدەنێ و مەیدان بە خوێن ڕشتنی ئەم قەومە مەظڵومە نەدەن، ئێمەش وەکو ئەملا و ئەولامان مەسروورر بکەن، چونکە ئێمەش وەکو میللەل سائیرە صاحێبی موحیط، زبان و تەریخین. ئێمەش عەنعەناتێکمان هەیە و بەشەرین. تەعەجوب لە ویجدانی ئەو گەورەیە ئەکەم کە لەسەری حەی ئێمە شەڕ ناکەن، بیلعەکس ئەیانەوێ هەر کەس بۆ خۆی ئەم میللەتە مەحکووم و زەبوونی ظوڵم و ئیستبدادی خۆی بکا. خۆ نازانن ئەم میللەتەش بۆ ئەوەی کە حورییەت و ئیستقلالیەتی خۆی موحافەظە بکا، ئەنواعی فیداکاری ئیختیار و لە هیچ ئیقداماتێک دوا ناکەوێ، ئیمرار وەقت و زەمان بەسە...

ئێمە ذاتەن بۆ سەعادەتی نەسڵی ئاتی، حەیاتی حاضرەمان بە نەبووە داوەتە قەڵەم، کەوابوو بە ناوی بەشەریەتەوە رەجا ئەکەین ئەم میللەتە مەظڵومە سەوقی فەنا نەکرێ، حەقێکی ژیانیش بە ئێمەس بدەن- ئێمەش لازمەی دۆستایەتی چی بێ، مەعەل ئیفتیخار بە جێی ئەهێنین، لە ئاشنایەتیمان ئیستیفادە ئەکرێ." (م. نووری، هەمان: ١)

لە سەرەتای سەدەی بیستەم گوتاری کوردی لەسەر بنەمای وەلائی عەشیرەت و بەرژەوەندی ناوچەیی بنیات نرابوو، بەڵام دوای دامەزراندنی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود گۆڕانکاریی گرنگ لە گوتاری سیاسی کوردیدا دروست بوو. لەمەدا شێخ نووری شێخ ساڵح و ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە سەرهەڵدانی گوتارێکی نەتەوەیی ڕوونتر، کە بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی بڕیاری کورد و خۆدوورگرتن لە تێوەگلان لە (ململانێی تورک- ئینگلیز) کە هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاستەوخۆ بۆ کورد بەدی ناهێنێت. ئەم وتارە نمونەیەکی گرنگە بۆ سەلماندنی ئەو جۆرە ستایلە لە گوتاری سیاسی.

بەشی سێیەم: ئەنجام

شێخ نووری شێخ ساڵح لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی هۆشیاری فکری و سیاسی قووڵ و توانای شیکردنەوەی ڕووداوەکان و دەرەنجامگیری ڕاست و ڕەوانیی زمان و سادەیی ستایلی نووسینەکەی، بووە کەسایەتییەکی دیار و کاریگەر لەناو جووڵانەوەی فکری و سیاسی کوردیدا.

ئەو توانایەکی تایبەتی لە ڕەخنەگرتن و خستنەڕووی ئازادانەی بیروڕاکانی هەبوو تەنانەت بۆ ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆیشی ئەمەش سەربەخۆیی فکری و ئازایەتی دەردەخست هەستی نەتەوەیی کوردی بە ڕوونی لە هەموو نووسینەکانیدا ئامادە بوو و هەوڵی دەدا ناسنامەی نیشتیمانی کوردی بچەسپێنێت و هانی خەڵکی دەدا بۆ بەرگریکردن لە دۆزی کورد وتارەکانی بەڵگەنامەی گرنگن بۆ تێگەیشتن لە مێژووی سیاسی کورد بە تایبەتی لە پەیوەندی بە مەسەلە چارەنووسسازەکانەوە وەک کۆنفرانسی لۆزان و ویلایەتی موسڵ، چونکە شیکردنەوەی سیاسی قووڵ و پێشبینی داهاتووی دۆزی کوردییان تێدا بوو.

شیعر و نووسینەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان لە هۆشیارکردنی کۆمەڵگای کوردی بە مافەکانی خۆیدا گێڕا و بەشدارییەکی کاریگەریان لە دروستکردنی گفتوگۆی سیاسی بونیاتنەردا هەبوو

کە وایکرد شێخ نووری ببێتە یەکێک لە ڕۆشنبیرە کاریگەرەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، لەسەر ئاستی ستراتیژیش توانای خوێندنەوەی وردی واقیعی سیاسی و تێگەیشتن لە هاوسەنگی هێزە گەورەکانی هەبوو ئەمەش ئەو تواناییەی پێدا پێشنیاری ستراتیژیی بابەتییانە بخاتەڕوو بەم شێوەیە شیعر و نووسینەکانی تەنها دەربڕینی هەست و سۆی شاعیرانە و ڕۆژنامەوانی نەبوون بەڵکو بەشێک بوون لە پرۆژەی خەباتی نەتەوەیی و هاریکارییان کرد لە بنیاتنانی وتارێکی سیاسی کوردی کە لەسەر لۆژیک و هۆشیاری مێژوویی دامەزراوە.

## سەرچاوەکان:

- ئەمین. نەوشیروان مستەفا (٢٠١٣) بەدەم ڕێگاوە کوڵچنین- چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، کتێبی دوەم- بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان.
- ادمونز، سیسیل جی (١٣٦٧) کردها ترک ها عرب ها، ترجمە ابراهیم یونسی، چاپ اول ایران- تهران.
- عەبدولواحید، ئازاد (٢٠٠٨) دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر- هەرێمی کوردستان.
- محمد، کمال رؤوف (٢٠٠٦) باقة دراسات کردیة، منشورات اراس، اربیل.
- مک داول، دیفید (٢٠٠٥) تاریخ الأکراد الحدیث، ترجمة راج آل محمد، دار الفارابی، بیروت لبنان.
- البیاتی، عبد الرحمن ادریس صالح (٢٠٠٧) الشیخ محمود الحفید البرزنجی و نفوذ البریطانی فی کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، بنکە ژین.
- خەزنەدار. جەمال (١٩٧٣) ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، وەزارتی ڕاگەیاندن کارگێری گشتی ڕۆشنبیری کوردی، بەغدا.
- م.نووری، (١٣٣٨) ثبات و متانەت قوم کورد، ڕۆژی کوردستان، ساڵی (١)، ژمارە٢، ٢٣ تشرین الثانی.
- م. نووری، (١٣٣٨) میللەت، ڕۆژی کوردستان ژمارە ٤، ساڵی ١
- م. نووری، (١٣٣٨) مجادلەی حەیات، ڕۆژی کوردستان ژمارە ٥، ساڵی ١.
- م. نووری، (١٣٣٨) ویلایەتی موصل لە لۆزاندا ڕۆژی کوردستان، ژ ٦.
- م.نووری، (١٣٣٨) داوای حقووقی مەشروعە، ڕۆژی کوردستان (ڕۆژنامە) ژمارە ٨ ، ١٠ کانونی دوەمی.
- م.نووری، (١٣٣٨) داوای حقووقی مەشروعە، ڕۆژی کوردستان (ڕۆژ نامە) ژمارە (٨) ١٠ی کانونی یەکەم.
- م.نووری، (١٣٣٨) قسەی حەق ڕەد ئەکرێتەوە، ڕۆژی کوردستان، ژمارە (١٠) ٢٤ کنونی دووەمی.
- م.نووری، (١٣٣٨) حکومەت، میللەت، ڕۆژی کوردستان (ڕۆژ نامە) ژمارە ١٢، ١٠ شباط.
- م.نووری، (١٣٣٨) فەلاکەت و مەحکومییەت چۆن تەعمیر ئەکرێ؟ ڕۆژی کوردستان ژمارە ١٣ ، ١٧ شباط.
- م. نووری، (١٣٣٨) لە فەلاکەت عیبرەت، ڕۆژی کوردستان، ژمارە (١٤)، ٢٤ شوباتی .

## الملخص

يتناول هذا البحث دور الشيخ نوري الشيخ صالح في الصحافة الكردية وتطوير الفكر القومي الكردي في أوائل القرن العشرين، خاصة خلال فترة الانتداب البريطاني ومؤتمر لوزان. يتتبع البحث المسيرة المهنية للشيخ نوري ويسلط الضوء على محتوى المقالات التي كتبها في صحيفة "روژی کوردستان" (فجر كردستان). يكشف البحث أن الشيخ نوري استخدم الصحافة كمنصة لنشر الفكر القومي الكردي في تلك المرحلة. حلل البحث ثلاثة محاور رئيسية في فكر الشيخ نوري وهي: القومية الرومانسية، والداروينية الاجتماعية، والعلاقات مع الحكومة والشعب. في المحور الأول، يُسلط الضوء على اهتمام الشيخ نوري باللغة والتاريخ والتراث المشترك في بناء الهوية القومية الكردية. في المحور الثاني، يُظهر كيف برر الشيخ نوري النضال من أجل بقاء الأكراد على ساحة الصراعات من خلال نظرية الداروينية الاجتماعية. في المحور الثالث، يتحدث الشيخ نوري عن العلاقة بين الحكومة والشعب ويؤكد على مسؤولية الحكومة في حماية حقوق الشعب وتوفير الأمن والرفاهية. في خاتمة البحث، يُؤكد على أن المقالات التي كتبها الشيخ نوري يجب أن تُنظر إليها كوثيقة تاريخية مهمة تعكس تطور الفكر القومي الكردي في تلك الفترة ورؤيته التقدمية لمستقبل الشعب الكردي.

الكلمات المفتاحية: الفكر القومي، روژ كردستان، بناء الأمة، الاستقلال.

## Abstract

This research examines the role of Sheikh Nouri Sheikh Saleh in Kurdish journalism and the development of Kurdish nationalist thought in the early 20th century, particularly during the period of the British Mandate and the Lausanne Conference. The research traces Sheikh Nouri's professional career and highlights the content of the articles he wrote in the newspaper "Rojî Kurdistan" (Dawn of Kurdistan). The research reveals that Sheikh Nouri used journalism as a platform for spreading Kurdish national thought during that period. The study analyzed three main axes of Sheikh Nouri's thought: romantic nationalism, social Darwinism, and relations between government and people. In the first axis, it highlights Sheikh Nouri's emphasis on language, history, and shared heritage in building Kurdish national identity. In the second axis, it demonstrates how Sheikh Nouri justified the struggle for Kurdish survival on the battlefield of conflicts through social Darwinist theory. In the third axis, Sheikh Nouri discusses the relationship between government and people, emphasizing that the government is responsible for protecting people's rights and providing security and welfare. The research concludes by emphasizing that the articles written by Sheikh Nouri should be viewed as an important historical document that reflects the development of Kurdish nationalist thought during that period and his progressive vision for the future of the Kurdish nation.

Keywords: National Thought, Rji Kurdistan, Nation-building, Independence.